ئاگاداریەك لە ڕێكخراوی ژنانی پەنابەری كوردستانەوە بۆ كۆمەڵگەی كوردی لە بەریتانیا

# تایبەت بە کوشتنی ژنێکی کورد بەناوی (شەوبۆ علی روئوف) لە کوردستان-هەولێر



لە رۆژنامەی جەماوەر رۆژی 21-5-2007 هەواڵی کوشتنی ژنێکی کورد بە ناوی (شەوبۆ علی رەئوف) تەمەن 19 سال ودایکی کچێکی 9مانگ بلاوکراوەتەوە کەدوای کوشتن و فری دانی لە رۆژی 12-5-2007 لە لای سەیتەرەی بیستانە تەرمەکەی دۆزراوەتەوە.

لەمبارەوە باوکی شەوبۆ بۆ رۆژنامەی جەماوەر دەدوی ودەڵێ: " شەوبۆ بۆنزیکەی دووساڵە شوی کردوە بە کورێك بەناوی (هێمن مەولود علی) کەپەنابەرە لەبەریتانیا، لەشاری بیرمنگهام وناوی خۆی گۆریوە بۆ (نەمر محەمەد علی) لەدایك بووی 1977 دووبرای تری هەر پەنابەرن لە بەریتانیابە ناوی (سەمیر مەولود علی) و(مامە مەولود علی)".

باوکی شەونم دەڵی: "ماڵی خەزۆری شەوبۆ بوختانیان بۆ شەوبۆ لەلای هیمن بۆدروست کردوە وگوایە لەموبایلی شەوبۆدا ژمارەیەکی نەناسراوی تیدابووە" و بۆ ئەم مەبەستە هێمن گەراوەتەوە بۆ کوردستان و بۆماوەی مانگێکە لەوێیە. شەوبۆ پیش کوشتنی بە نیگەرانیەوە دەکەریتەوە ماڵی باوکی بەلام هێمن سێ رۆژ پیش روودانی کارەساتی کوشتنی شەوبۆ دەچێتە ماڵی خەزوری وداوادەکات کە باوکی شەوبۆ رێگەی بدات لەگەل شەوبۆ بچن بۆ دوکان بۆ سەیران بۆ دوورۆژ.

ئیتر هەرئەورۆیشتنەیە شەوبۆ ناگەریتەوە و دواتر کەسێکی غەریب تەلەفون بۆ باوکی شەوبۆ دەکات ودەڵیت هیمن مولودو سەمیر مولود ومامە مەولود کچەکەتیان کوشت ولاشەکەی لە سەیتەرەی بیستانە فرێ دراوە. کاتێك کەسوکاری شەوبۆ و پۆلیس دەگەنە شوێنەکە لاشەی ساردەوەبووی شەویۆ دەدۆزنەوە ودەبینن دەستی لەدووشوین شکاوە وپیستی هەموی روشاوە وە حەوت گوللەی پێوەیە.

هیشتا رق و قینەی خەلکی کوردستان بەرامبەر تراجیدیای مەرگی دوعا کپنەبۆتەوە, هیشتا مۆمی داکیرساو بۆ مەرگی دوعا نەکوژاوەتەوە. شەوبۆی لاو، شەوبۆی خۆشەیستی باوکی، دایکی منداڵێکی نۆمانگە بەدەستی چەند درندەی میشك شۆراوە بە فەرهەنگی رزیوی پیاوسلاری و عشایری ئەکەونە گیانی و گوللەبارانی دەکەن.

ئیمە وەك هەردوو رێکخراوی ژنانی پەنابەری کوردستان و سینتەری رۆژهەلاتی ناوەراست بۆمافەکانی ژنان لە بەریتانیا هەر بەبیستنی خەبەرەکە یەکسەر تفاصیلی ئەم کەیسەمان هەر بەو شێوەیەی کە لە رۆژنامەی جەماوەرەوە بلاوبۆتەوە گەیاندە پۆلیسی میترۆ پۆلیتان لە لەندەن هەروەها بە ( West Midland Police) لە بیرمنگهام تا بە دوای ئەم کەیسەدا بچن و هەربەو دەلیلەی کەباوکی شەوبۆ دەلیت و دلنیایە کە ئەوکەسانە گەراونەتەوە بەریتانیا ئیمە مسئولیەتی بەدواداچوونی ئەم کەیسەمان خستۆتە سەرشانی پۆلیس بەتایبەتی پۆلیسی بیرمنگهام.

ئیمە نامانەوەی ئەو غەم ساردیەی بەرامبەر کەیسی صوبحیە نادر کرا ئەمرۆ دووبارە ببیتەوە.

ئیمە هەوڵی تەواوی خۆمان ئەدەین لەکەناڵی جۆراوجۆرەوە بۆ بەدواداچوونی ئەم کەیسە لەبەریتانیا لەهەمانکاتدا داوا لە کۆمیونتی کورد لەبەریتانیا ئەوانەی زانیاریان هەیە لەسەر ئەوکەسانەی ناویان هاتوە یان لەسەر کەیسەکە لەگەلمان پەیوەندی بگرن وهاوکاریمان بکەن تابەهەموومان چیتر نەهێلین دەستی ناموسیپەرستیو پیاوسالاری لەسەر ژیانی ژنان درێژ بیت کۆتایی بەم بەربەریتە بهێنین.

بەسوپاسی زۆر بۆ هاوکاریتان


بۆپەیوەندی: تیلفون

02072631027 موبایل07748851126

فاکس: 02075619594

ئیمیل: sawsansalim@yahoo.com


ڕێكخراوی ژنانی پەنابەری كوردستان

2007-5-29